


# بۆ ئەوانەی کە کلیلەکانیان لەبیر دەکەن




ئێوە زۆر جاران بۆتـــان هاتۆتەپێش کە لەبیرتان چـــووە کلیلەکانتـــان لەکوێ دانـــاوە، هەرچەند بەشوێنی دادەگەڕێن نایدۆزنەوە. ئەوکات خۆزگە دەخوازن کلیلەکانیش وەك مۆبایل کرابا بۆئەوەی نوکـــەت بۆ کردبـــا و تا بەهۆیـــەوە دۆزیباتەوە. ڕەنگە هەر ئەوەش وای کردبێ کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنۆلۆژیای نوێ هەوڵبدات شوێن کلیلێك دروســـت بکات کە بەهۆی بلوتوســـەوە پێوەنـــدی هەبێت لەگەڵ مۆبایـــل، لەڕێگای مۆبایلەکەوە بتوانی کلیلەکان بدۆزیەوە. خاڵی جێگای ســـەرنج لەو جێگا کلیلەدا ئەوەیە کە ئەگەر مۆبایلەکەش ون بوو دەکرێت لەڕێگای کلیلەکانـــەوە بیدۆزیەوە، بەهـــۆی داگرتنی دوگمەیەك لەسەر ئامێرەکە مۆبایلەکە زەنگ لێدەدات.

# پاناسۆنێک و داهێنانی کامێرایەکی نوێ




کۆمپانیای پاناسۆنێك کە لەمێژ ساڵە لەبواری تەکنۆلۆژیادا چالاکە، لەم دواییانەدا کامێرایەکی نوێی بەناوی Lumix3D1 داهێناوە کە دەکرێت هەم وێنەی ئاســـایی پێبگرێ و هەم وێنەی ســـێ ڕەهەندی. کامێراکـــە خاوەنی دوو لێنزە ”عەدەســـە“ کە لەکاتی وێنەگرتنی سێ ڕەهەندی دا دەبێتە یەك لێنز، هەروەها 12 میگاپیکســـلە. کامێراکە خێراییەکەی تا ڕاددەیەکی زۆر گونجاوە، دەتوانێـــت بەخێرایی 8 فرێم لەچرکەدا وێنە بگرێت، بەبێ فۆکســـی ئۆتۆماتیك. هەروەها دەکرێت دوو لێنزەکە بۆ گرتنی دوو وێنـــەش بەکار بێنی. خاڵی جێگای ســـەرنج لە کامێراکەدا ئەوەیە دەکرێت بەیەکێك لەو عەدەسانە وێنە بگری و بەوی دیکەیان فیلم هەڵبگریەوە.

# تەکنۆلۆژیای نوێ لەسینەمای هۆلیود دا

ئایا فیلمەکانی هۆلیود کە کوالیتان ئەوەندە لەسەرێیە، هەر بەم کامێرا ئاساییانە هەڵدەگیرێنەوە؟ ڕەنگە هەمووتان بڵێن نە، وەڵامەکە دروستە. تەکنۆلۆژیا لەسینەمای هۆلیوددا گەلێك گرنگە و ڕۆڵی یەکەم دەگێڕێ.

کۆمپانیای کانون بۆ وێنەگرانی پیشەیی ناوێکی نامۆ نییە، بەڵام لەجیهانی فیلمدا هێشتا هەنگاوێکی وای نەناوە. بەرهەمی نوێی کۆمپانیای کانون لەم بوارەدا کامێرایەکە کە بەناوی EOS C300 ناســراوە. کامێراکە بەجۆرێك پێشـــکەوتووە کە شانسی کۆمپانیاکەی زۆر بردۆتە سەرێ. کامێراکە نرخەکەی 20 هەزار دۆلارە. ڕەنگە بۆ بواری تەکنۆلۆژی سینەمایی ئەوە نرخێکی زۆر نەبێت.




# لەبری سکانکردن وێنە دەگرێ

پرینتـــەرە چەند ئەرکەکان واتە ئەوانـــەی چەندین ئەرکی وەك ســکان کردن، کۆپی کردن و پرێنت کـــردن ئەنجام دەدەن، چەند ساڵێکە بازاڕیان گەرمە، یەکێك لەو پرێنتەرانە، پرێنتەری To-shot laserJet pro m275ــە. لەم پرینتەرەدا لەبری سکانکردن لەسەرووی ئامێرەکەدا کامێرایەك هەیە کە لە شەش لاوە وێنە بە کوالیتییەکی بەرزەوە دەگرێت. ئیدی بەکارهێنەر پێویست ناکات حەتمەن ئەو دۆکیۆمێنتەی کە دەبێت ســکانی بکات لەبن ئامێرەکەی دابنێت، دەکرێ دوکیۆمێنتەکە لەدوورەوەی ئامێرەکەش بێت. چونکە جگە لەوێنە گرتن ڕووناکی پێویستیش بەو دەقە دەدات کە ســکانی دەکات. خاڵی جێگای ســەرنج ئەوەیە دەکرێت تەنیا ئەوەی کە مەبەســتتە سکانی بکەی یانی باکگراوندی وێنەیەك بسـڕیەوە، بەبێ سڕانەوەی وێنەکە.






# ڕێکۆردەرێکی دیجیتالی زۆر تایبەت

ریکۆردەرێکی دیجیتالی شـتێکی نوێ نییە لەتەکنۆلۆژیادا، چەندین ســاڵە ڕۆژنامەوانان سوود لەرێکۆردی دیجیتالی وەردەگرن، بەڵام گرفتێك لەریکۆردە دیجیتالییەکاندا هەیە کە ناکرێت ئەو دەنگانەی کە زێدن لاببرێن، بۆ نموونە ئەگەر لەکاتی تۆمارکردنی دیمانەیەکدا دەنگی ســەیارەیەك، یان گڤەی بایـــەك بێت، یان دەنگێك بێت کە ببێتە هـــۆی تێکەڵبوونی دەنگە ئەسڵییەکە لاناچن.

ریکۆردێکی نوێی دیجیتالی بەناوی Zoom H2n کەوتۆتە بازاڕ کە دەنگە زیادییەکان لادەبات و هەروەها دەنگی کەســە مەبەستەکە زۆر بەهێز دەکرێــت. لەو ریکۆردەرەدا پێنج مایکرۆفۆن هـــەن، بەمجۆرە بەکارهێنەران دەتوانــن دەنگ بەچـــوار حاڵەت تۆمار بکـــەن. هەروەهـــا ڕیکۆردەرەکە شاشـــەیەکی تایبەتی هەیە کە لە شاشـــەکەوە دەکرێ ڕەوتی تۆمارکردنی دەنگەکـــە بزانـــی، ریکۆردەکە تا 20 کاتژمێری بـــەردەوام دەنگ تۆمار دەکات. بەهۆی کێبڵێکی USBیەوە فایلە دەنگیەکە بۆ ســـەر کۆمپیوتەر دەگوازرێتەوە.

# تەکنەلۆژیای مۆبایل بەرەو چ داهاتوویەک هەنگاو دەنێ!

**کۆمپانیای نۆکیا یەکێکە لەگەورە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، لەم دواییانەدا هەنگاوی ناوە بۆ داهێنانی چەندین مۆبایلی نوێ کە ئەوەندە گرنگ و سەرنجڕاکێشن زیاتر وەک خەیاڵ دەچن تاکو ڕاستی، بەڵام دنیای تەکنۆلۆژیا پێشدەکەوێ و داهێنانەکانیش بازنەی خەیاڵ دەرباز دەکەن.**

## Nokia Gem مۆبایلێکی بێ شاشە




شاشە گرنگترین بەشی مۆبایلە، دەکرێت مۆبایلێك شاشەی نەبێت، نە تەنیا شاشە بگرە دوگمەکانیشی نەبێت و بتوانرێ فیلمەکان بەکوالیتی بەرزەوە سەیر بکەی و گوێ لەمۆسیقا بگری، مۆبایلی جۆری Gem کە ئەویش یەکێکە لەداهێنانە خەیاڵییەکانی نۆکیا، مۆبایلێکی بێ شاشە و بێ دوگمەیە. لەکاتی پێویستدا گشت مۆبایلەکە دەبێتە شاشە. بەویستی بەکارهێنەر شوێن دوگمەکان دەگۆڕدرێن، شاشەکە بەو جۆرەی کە پێویستە گەورە و بچووك دەکرێتەوە. شاشەیەك کە هەر بوونی نییە!! ئەگەر لەسایتی یوتیۆبدا بەدوای Nokia Gem دا بگەڕێن، ئەوکات کورتە کلیپ سەبارەت بەو مۆبایلە دەبینن کە ڕەنگە هیچکات بیرتان لەداهێنانێکی وا نەکردبێتەوە.

## ئەو خەیاڵەی کەوتە بازنەی ڕاستییەوە


کۆمپانیای نۆکیا لەپیشانگای ساڵانەی خۆیدا کە "Nokia world2011" لەشاری لەندەن پەردەی لەسەر تەکنۆلۆژییەکی نوێ هەڵدایەوە کە ئەویش مۆبایلێك بوو کە بەجۆری Kinetic ناسراوە، ئەم داهێنانە نوێیە سەرنجی زۆر لەوانەی سەردانی پێشانگاکەیان کردبوو بۆ لای خۆی ڕاکێشا، مۆبایلەکە بە لاستیکێکی نەرم دەچێت، کارکردەکانیش تەنیا بەهۆی پێچدانی مۆبایلەکەیەوە، ئەگەر مۆبایلەکە بۆ لای پێشەوە بنووشتێنیەوە دەتوانی بەناو فایلەکاندا بگەڕێی، هەرچەندە زیاتر بینوشتێنیەوە خێراتر بەناو فایلەکاندا دەگەڕێی، گەر پێوەندییەکت بۆ هات بەئاسانی مۆبایلەکە بەگوێتەوە بنێ و تەنیا بیکوشە ئیدی بەئاسانی پێوەندییەکە دادەمەزرێ. بەڕێوەبەری کۆمپانیای نۆکیا دەڵێت ئەم مۆبایلە دەتوانی وای ڕێکبخەی ئەگەر لەپەنجەکانتدا نەبێت کار نەکات، بەنوشتاندن و سوڕاندن و لەمسی شاشەی مۆبایلەکە لەیەك کاتدا دەکرێت سێ کار ئەنجام بدەی. ئەوانەی ئاماژەمان پێدان گۆشەیەك بوون لەداهێنانەکانی نۆکیا کە ڕەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا بکەونە بازاڕەوە.






## ئەو فرمێسکەی زیاتر لەئەفسانە دەچێت

ئەو وێنەیەی کە دەیبینن زیاتر وەك فرمێسکێك یان بە دڵۆپە بارانێك دەچێت، بیرۆکەی داهێنانی مۆبایلێکی نوێی نۆکیایە، هیچ شتێك لەو مۆبایلەدا نە شاشەکان نە دوگمەکان لەشوێن خۆیاندا نین، مۆبایلەکە وەك مۆمێك دەکرێت لەپەنجەکانتدا دێت و دەچێت. چۆن بیسوڕێنی وا پێچ دەخوات. لەیەك کاتدا هەموو بەشەکانی دەبێت بەشاشە. ڕەنگە داهێنانی ئەو مۆبایلە لەمرۆکەدا وەك خەیاڵ بچێت، بەڵام ئەگەر دوو دەیە بۆ ڕابردوو بڕوانین ئەوکات دەبینین داهێنانی مۆبایلە سادەکانیش وەك خەیاڵ دەچوون.



# کۆنترۆڵ کردنی کۆمپیوتەر لەڕێگای دوورەوە

گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان ئەوەیە کە لەڕێگای دوورەوە کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ بکەن وەك پرۆگرامی (Team Viewer) کە دەکرێت بەهۆیەوە لەڕێگای دوورەوە کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ بکەی، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا باسی بکەین شتێکی دیکەیە واتە ئەوەیە کە بەبێ پرۆگرام کۆمپیوتەر کۆنترۆڵ بکەین.

بۆ نموونە تۆ بۆ گەشتێك چوویتە دەرەوە، لەوێدا بیرت دەکەوێتەوە کە فایلێکی گرنگ لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەیە کە پێویستە بیهێنیّ، کەسێکیش لەماڵەوە نییە کە بەهۆی ئیمێل فایلەکەت بۆ بەڕێ بکات؟ لەکاتێکی وادا چ دەکەی؟ سایتی LogMeIn پرۆگرامێکت پێدەبەخشێت کە بەبێ بوونی هیچ پرۆگرامێك دەکرێت لەڕێگای دوورەوە کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆڵ بکەی. تەنیا ئەوەندە بەسە کە لەسایتەکەدا ببی بەئەندام. ئێستا لەهەر شوێنێك بێ بەبێ هیچ پرۆگرامێك دەتوانی کۆمپیوتەرەکەت کۆنترۆڵ بکەی.

# پرۆگرامێکی تایبەت بەدیزاینی لۆگۆ




لەجیهانی ئەمڕۆدا لۆگۆ و ئارم شوێنێکی گرنگ دەگرن لەپێناسەی هەر شتێکدا، وەك کۆمپانیا، سایت، شوێنی بازرگانی، شوێنی خوێندن و فێرکاری..تاد. دیزاینی لۆگۆ پێویستی بەپرۆگرامێکی تایبەت هەیە کە بکرێ بەهۆیەوە دیزاینی لۆگۆکە بکرێت. ڕاستە دیزاینەرەکان دەتوانن لۆگۆیەکی سەرنجڕاکێش بکێشنەوە، بەڵام ئەگەر لەو پرۆگرامانە سوود وەربگرن کە ئەرکی لۆگۆ دروست کردنیان هەیە بێگومان پرۆژەکەیان دەوڵەمەندتر دەبێت. پرۆگرامێك کە لەو بوارەدا زۆر بەسوودە پرۆگرامی AAA Logoیە. پرۆگرامێکی زۆر ئاسان کە زیاتر لە8500 لۆگۆی ئامادەکراوی تێدایە. تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە بەگشتی ئەمانەن:

- بەئاسانی لەپرۆگرامەکە سوود وەردەگیرێت.
- پێویستی بەهیچ فێرکارییەك نییە.
- زیاتر لە8500 لۆگۆی ئامادە.
- توانای خەزن کردن بەسایز و هەر فۆرماتێك.
- ئیمکانی بەکارهێنانی فۆنتی سەرنجڕاکێش و سێ ڕەهەندی لەپەنا وێنەکاندا.



# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

هەر ساڵەو یان چەند ساڵ جارێك ڤێرژنی نوێ لەپرۆگرامەکانی ئۆفیس لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە بەرهەم دێت، ڕاستە هەندێك لەڤێرژنەکان جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ ڤێرژنەکانی پێشوو، بەڵام ئەگەر بەراوردی ڤێرژنی 2003 لەگەڵ ڤێرژنی 2010 بکەین، ئەوکات جیاوازییەکان بەباشی هەست پێدەکەین.

هەربۆیە خوێنەرێك دەپرسێت ئایا لەڤێرژنی Word2010دا لەکوێ ژمارەکان بکەم بەژمارەی عەرەبی، چونکە هەرچی دەکەم ژمارەکان هەر بەئینگلیزی دەنووسرێن؟ لەڤێرژنی Word2003دا لەبەشی Op-tions دابوو، کەچی لەم ڤێرژنەدا نازانم ئەم بەشە کەوتۆتە کوێ؟

خوێنەری بەڕێز لەسەر یەکەم ئەیکۆنی word کە بەشێوەی 4 چوارگۆشە لەبازنەیەکدایە، دەچییە لای خوارەوە لەودا Word o-tions دەبینی، لەودا بەشی Ad-vanced بدۆزەوە، لەودا وەرە خوارەوە بەشێك هەیە بەناوی Show document contact شوێنێك هەیە بەناوی number لەودا A-abic یان Hindi هەڵبژێرە. ئیدی بەئاسانی ژمارەکان دەبن بە عەرەبی.